*NAVEND -*
*Zentrum für Kurdische Studien e.V.*
*Navend ji bo Lêkolînên Kurdî*
*Center for Kurdish Studies*
*Centre des Etudes Kurdes*

NAVEND

*Geschäftsstelle*
*Bornheimer Str. 20-22*
*D-53111 Bonn*

*Tel.: +(0) 228/65 29 00*
*Fax: +(0) 228/65 29 09*

*Postanschrift*
*Postfach 74 45*
*D-53074 Bonn*

*e-mail: info@navend.de*
*Internet: www.navend.de*

*Bankverbindung:*
*Sparkasse Bonn*
*(BLZ 380 500 00)*

*NAVEND e.V.*
*Konto-Nr.: 310 206 13*

## ماتەمینی بۆ هەمرەش ڕەشۆ

**به خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە خواحافیزی لە هەمرەش ڕەشۆ (حەمدی تورانلی) دەکەین، کە لە رۆژی 27 ی مانگی 2002 لە شاری دویسبۆرگ لە تەمەنی 63 ساڵی دا کۆچی دوایی کرد. ئەو نەخۆشی شێرپەنەجەیەی کەتووشی هاتبوو و بەبۆنەیەوە چووە پاشەهەوار، دەمێ بوو پێ ی دەزانرا.**

**هەمرەش رەشۆی رۆشنبیرو سیاسەتمەدار لە 11 ی شوباتی ساڵی 1939 لە گوندی سەکۆ لە ناوچەی کەهتا (کۆلیك) ی سەر بە پارێزگەی ئەدییامان (سەمسور) لە باکووری کوردستاندا لەدایك بووەو، رۆلەی خێزانێکیش بوو، کە لە بزوتنەوەی کوردایەتی دا رۆڵێکی گرنگی بینیوە. بەدرئاغای باپیرەی یەکێك بووە لەو رێبەرە کەسایەتییانەی کە لە ساڵی 1919 لە بەردەم موستەفا کەمال دا داکۆکی لەسەر مافی کورد کردووە.**

**هەمرەش رەشۆ لە نێوان ساڵانی 1960 تا 1963 لە ئەستەنبوول و ئەنکەرە زانستی قانوونی خوێندووە و لە ساڵی 1963 بەدواوە لە هەندەران لە کۆماری فیدرالی ئەڵمانیادا ژیاوە.**

**نزیکەی چل ساڵی رەبەق هەمرەش رەشۆ لە پێناوی چارەسەری دیموکراتییانەی کێشەی کوردا خەباتێکی بەرچاوی هەبوو. یەکێك بو لە شۆرەسوارانی ئەو کوردە رۆشنبیرانەی کە رای گشتی کوردیان لە ئەڵمانیا و وولاتانی خۆرئاوای ئەوروپادا بەرجەستە دەکرد.**

**کاتێ کە هەمرەش رەشۆ لە ئەڵمانیا کەوتە چالاکی، هێشتا بە تەواوی هاتنی کرێکارە کوردە کۆچبەرەکان دەستی پێ نەکردبوو. تا ئەوکاتەش بابەتی کوردی پەنابەران هەرنەهاتبووە ئاراوە. لە ساڵی 1963 هەمرەش رەشۆ بووە ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE، کە لە ساڵی 1956 دامەزرابوو.**

**ئەگەرچی هەمرەش رەشۆ خەڵکی کوردستانی باکوور بوو، لە ساڵی 1964 پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقەوە کردو، بەم کارەشی هەڵوێستی کوردپەروەرانەی خۆی دەربڕی.**

**سەرەڕای ئەمەش هەمرەش رەشۆ یەکێکە لە دەمەزرێنەرانی چەند رێکخراوێك: باهۆز (کۆمەلا تێکۆشەرێن کوردستان)، هەڤرا، یەکێتیا دیموکراتێن کوردستان و ئەکادیمیای کورد. لە ساڵی 1992 یشدا بەشداری لە دامەزراندنی پارتی هەڤگرتن (PDK) کردو و، بووە سەرۆکی ئەم پارتە. هەروەها پاش گۆڕینی ناوی ئەم پارتە بە پارتی دیموکراتی کوردستان – باکوور هەمڕەش ڕەشۆ سەرەڕای نەخۆشیەکەشی هەر بە سەرۆکی پارتەکە مایەوە.**

لەگەڵ ئەمانەشدا هەمرەش رەشۆ بە شێوەیەکی زۆر تایبەتی خەباتی لە بۆ پاراستن و پەرەپێدانی زمان وکەلەپووری کوردی دەکرد. لە سالانی 1963 تاکو 1965 گۆڤاری کوردزمانی هێڤیا وەلات ی بڵاوکردەوە. لە 1965 تا 1970 یش گۆڤاری چیا و دوواتریش (لەساڵی 1983 ەوە) گۆڤاری دەنگێ یەکێتی دەردەکرد. لەم بڵاوکراوانەدا هەمرەش رەشۆ بە تایبەتی بایەخی بە ژیانەوەی گەشەکردنی زمانی کوردی و بڵاوبوونەوەی زمانەکە بە پیتی لاتینی لەسەر رێبازی قوتابخانەکەی میر جەلادەت بەدرخان دەدا.

هەمرەش رەشۆ هۆنراوەشی بە زمانی کوردی نووسیوەتەوە. بەشێکی ئەم هۆنراوانەی لە ساڵی 1967 بە زمانی کوردی و بە وەرگێراوەیی بۆ سەر زمانی ئەڵمانی بە ناوونیشانی "باکوور" بڵاوکردووەتەوە.

لە ئەڵمانیا هەمرەش رەشۆ یەکەم وەرگێری رەسمی (سوێندراو) زمانی کوردی بوو. بۆ دابین کردنی خەرجی خوێندنی ئابووری لە زانکۆ، لە ساڵی 1970 تا 1979 کاری مامۆستایی و وەرگێرڕی زمانی کوردی دەکرد. لە 1977 تاکو 1979 یش لە فێرگەی (Volkshochschule) بەرلین شونەبێرگ زمانی کوردی دەووتەوە.

کاتێك کە نەخۆشی شێرپەنجەکەی بە تەواوی دەرکەوت، سەردانی نیشتمانەکەی کرد. بەڵام لە مانگی کانوونی یەکەمی 1998 لە ئەنکەرە گیرا و بۆماوەی 45 رۆژ خرایە زیندانەوە. پاش ئازادکرانی دادگای ئاسایشی نەتەوەیی لە ئەنکەرە بە بۆنەی چالاکی سیاسیانەیەوە حوکمی پێنج ساڵ زیندانی دا.

من خۆم لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا بە بۆنەی مانەوەم لە کەهتە بۆ یەکەم جار ناوی هەمرەش رەشۆم بیست. بۆ یەکەم جاریش لە ساڵی 1981 دا راستەوخۆ لە شاری ئێسن پێ ی گەیشتم. لەم بینینەدا وێنەی کوردێکی لام نواند، کە دەیزانی، بەچ شێوەیەك داب ونەریتی کوردایەتی لەگەڵ بەهاکانی ئەم چەرخەدا بەیەکەوە گرێ بدات. هەمرەش رەشۆ نە کابرایەکی ئیدیۆلۆگ بوو، نە سیاسەتمەدارێکی کلاسیکی پارتایەتییش. خولیای دەسەلات و سیاسەتیش نەبوو، بەڵکو ئامانجێکی پیرۆزی سەرووی گشت ئەمانەی هەبوو. لایەنی مرۆڤایەتی هیچ کاتێك لێ ی وون نەدەبوو. هەمیشەش بە ئارامی و ئازادانە بیری دەکردەوە. بێ ترس و لە ناخەوە دژی هەموو شێوەکی نایەکسانی و پێ شێلکردنی ماڤی مرۆڤ بوو.

هەمرەش رەشۆ نموونەیەکی بالا بوو، ئارەزووی راستەقینەی یەکێتی کوردان بوو. کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان رێزیان لێ دەگرت و خۆشیان دەویست. ئەو پایە کۆمەڵایەتی یەی بەدەستی هێنابوو، زادەی راستگۆیی بێ چەندو چوونی خۆی بوو.

هەمرەش رەشۆ بە خەباتی دیموکراتیخوازانەی بۆ ماڤی ئازادی کورد و کەسایتی یە بێگەردەکەی هەمیشە لە یادمان زیندوو دەمێنێتەوە.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی

مەتین ئینجەسو (سەرۆك)

بۆن لە 2002/12/18